کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
6-6-2007 23:00بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## تیرۆریستەکان وان لە ماڵەکانماندا ... تامان شاکر

ئەمرۆ تیرۆر بۆتە دیاردەیەکی جیهانی و مۆڵگەی سەرەکی لە رۆژهەلاتی ناوەراستە، لە ژێر چەندین ناوی جیاجیاوە رەشە کوژی دەکەن و کۆتایی بە ژیانی خەڵکی دێنن و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیان خستۆتە ترس و دڵەراوکێ، دەکرێ لە هەر چرکەیەکدا کۆتایی بە ژیانی سەدان مرۆڤ بێت.



ئەمریکاو هاوپەیمانانی بە هەموو شێوەیەك لە هەوڵی بنەبڕکردنی تیرۆردان، وسالآنە بەسەدان ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان دەکەن، ئامانجی تیرۆریستان روون و ئاشکرایە و دژ بە هەموو بیرو بۆچونێکی جیاواز، ئاینێکی جیاواز، کە لەگەڵ ئەواندا نەگونجێ و بیری کۆن و پاشڤەرۆ و دەسەلآتیان بخاتە مەترسییەوە.

بۆیە لە ژێر ناوی (جوند الیسلام، قاعیدەو، ئەنسار الئیسلام و فەتح ئەئیسلام) شتی تر پەرە بە کارەکانیان دەدەن و رۆژانە خوێنی هەزاران کەس دەرژێنن.

تیرۆریستەکانی کوردستان، پێویست، بە لێگەرانیان ناکات، وان لە ماڵەکانماندا لەگەڵماندا دەژین و خزمەتیان دەکەین و هەوڵی ئاسوودەیی و خۆش بەختیان دەدەین و خۆشمان دەوێن، رۆژانە زۆرینەمان بە خاتری ئەوان زیاتر لە 16 دەمژمێر لە ماڵەوە کاردەکەین.

ئەوان چەشنێکی جیاوازن لە تیرۆریستەکانی تر، ناسنامە و حیزبێکی ناسراویان نییە، نە ریشیان هەیەو نە بە عەرەبی فارسی و ئەفغانی دەپەیڤن، نەخەڵکی یەمەن، سعودیەو، ئێران وسووریان، نە کەس بە بارمتە دەگرن، نە خەڵکانی بیانی سەردەبڕن ونە پیاوی ئوسامە بن لادن و زەواهیری و ئەوانی ترن، ئەوانە پیاوی بیری کۆن و عەقڵی خێڵ و بەهەڵە داچوون، ئەوانە دەکرێ مامۆستا، سیاسەتمەدار یان بازرگانانی سیاسەت بن، نووسەر و رۆژنامەنووس بن، بازرگان یان کاسبکار بن، لە هەمان کاتیشدا دەکرێ باوك، برا، هاوسەر شتی لەم جۆرەش بن، جۆری تیرۆرەکەشیان دیارە نە کامێونی پر تی ئین تی نییە، بەڵکو دڵێکی رەقی پر لە کینەیە، مێشکێکی بەتاڵی پووچە، ئامانجیان لێدانە، سووکایەتی پێکردنە، سووتاندنە و کوشتنە، دەست و پێشکاندنە، لووت برینە، سەرپان کردنەوەیە بە بەرد بەدار، شانازیەکەشیان سرینەوە و کرینەوەی شەرەفی لە دەست چوویانە، ئەویش بەرامبەر بە بەشێکی کۆمەڵگە، ئەو بەشەی کە ناوی ژنە، ئەو بوونەوەرەی کە چرای ژیانی هەمووان دادەگیرسێنێ، ئەو ژنەی کە بەداخەوە ئەو تیرۆریستانەی بەرهەم هێناوە، لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە، ئایا ژنان بۆ بەرامبەر ئەو تیرۆریستانەی کە شەرەفی خۆیان لەدەستداوەو خاوەن فایل دەرچوون، نۆکەری بێگانە دەرچوون هیچ هەڵوێستیکیان وەرنەگرت؟ و ئامادەبوون لەگەڵ ئەو تیرۆریستانە بمێننەوە و بەردەوام

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلیکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
6-6-2007 23:00بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

خزمەتیان بکەن، لێرەدا ژنەکان خاوەن حەق بوون و دەبوایە هیچ نەبێت بێدەنگی هەڵنەبژێرن، ئامادە نەبن لەگەڵ پیاوێکی خائین بە نەتەوە بژین، چونکە هۆکاری ئەم تیرۆرەی ئەمرۆ لە ماڵەکانماندا ئەنجام دەدرێت، نە داگیرکردنی عێراق و ئەفغانستانە، نە بڵاوبوونەوەی بیری ڕۆژئاوایە، نە بڵاوکردنەوەی ئاینی مەسیحیەتە، بەڵکو شتێکی بە هەڵە لێکدراوەی بیری پاشقەرۆی کۆمەڵگەی کوردییە، بە ناوی شەرەف، بۆیە دەبووایە ژنەکان لە بەرامبەر مێردە بێشەرەفەکانیان هەڵوێست وەرگرن و، تا بۆ کۆمەڵگەی کوردی دەستەواژە و چەمکی شەرەفیان ڕاستبکردایەتەوە. بەڵام هێندە بێئیرادە کراون لە سیبەری خۆیان دەترسن.

باوکێك بۆ دەبێ تیرۆریست نەبێت کاتێك کچە تەمەن دوانزە ساڵیەکەی دەکوژێت لە بەردەم وەزارەتی مافی مرۆڤ، تیرۆریستەکانیش بە سەدان کەس دەکوژن لەبەردەم وەزارەتی ناوەخۆ، ئەو باوکە لە ناخەوە سیفەتی تیرۆریستانی لە هەناوی خۆی هەلگرتووە و لە گەڵماندا دەژیت، ئەو پیاوانە بۆ دەبێ تیرۆریست نەبن کە بەدڕندەترین شێوە دوعاو شەوبۆ ئەوانی تر دەکوژن، ئەو پیاوە بۆ تیرۆریست نەبێت کە ئەوەندە لە ژنەکەی دەدات تووشی خوێن بەربوونی مێشکی دەکات، ئەو پیاوە بۆ تیرۆریست نەبێت کە وێنەی خۆشەویستەکەی دەخاتە سەر مۆبایل و بڵاوی دەکاتەوە و خەڵاتی مەرگ بە خۆشەویستەکەی دەبەخشێ، ئەوانە هەمووی دەچنە خانەی تیرۆرەوە، بەڵام کێشەی ئێمە لە نەبوونی ڕاگەیاندنێکی ڕاستەقینەیە کە ڕووداوەکانمان بۆ بگوێزێتەوە نێو ماڵەکانمان، بۆ ئەوەی بزانین ئەو کارە تیرۆریستانەی ڕۆژانە ئەنجام دەدرێن بەرامبەر بەژن، چۆنن و چەندن، ئێمە ڕووی ڕاستەقینەی تیرۆرستان ناناسین، تا ئەو کاتەی تووشمان دەبێت بە تووشیانەوەو ڕووبەڕوی مەرگ دەبینەوە، داوای بەزەییان لێدەکەین و لێیان دەپارێینەوە کە بە ئازارەوە نەمان کوژن.

ئێمەی ژنانی کورد دەبێ لە هەموو کەسێك بە تایبەتی کەسە نزیکەکانمان بە گومان بین، هەمیشە حیسابی تیرۆریستێکیان بۆ بکەین، خۆزگە سەرۆکی کوردستان بە بڕیارێك، وەك هەموو بڕیارەکانی پێشووتری

هەڵوێستێکی توندی بەرامبەر ئەو تیرۆریستە خۆماڵیانە وەردەگرت، بۆ ئەوەی لە ترس و دڵە ڕاوکێ تیرۆرستانی ناوماڵەکانمان ڕزگارمان دەبوو، ئەوکاتە دەبووین بە چاو بۆ حکومەتی کوردستان، تا کوردستان لە تیرۆرستانی بیانی بپارێزین.

سڵاو لە ڕۆحی شەوبۆ و دوعاو، کچە دوانزە بەهارییەکەی کە لەبەردەم وەزارەتی مافی مرۆڤ شەهید بوو کەس نەبوومافی بپارێزێ، تا تەقینەوەیەکی تر هەرشاد بن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.